# وارا من

## ئەحمەد دەشتی






هۆ وارا من دەلالا من
کوردستانی پڕ برین و
زامی کولی سالها سال و
هەتوان نەبووی ئاواتی من
هەتا کەینی هەروا دەژی
لە ژێر چنگی داگیرکەر و
نەیاران دا پڕ لە ژان و
بەبێ مافی سەربەخۆیی خۆتا دەژی
لەو ساوەی هەی پەرێشان و
پڕ ئازارو هەر ژێر دەستەی  نەیارانی
دوژمنانت چنگی سوری خوێناویان
لە جەرگی تۆ داگرتووە
خوێنت دەمژن خاپور دەکەن
بە ملیۆنها ڕۆلەکانت دەرەتێنن
دەخنکێنن ئەنفال دەکەن
هەوایپاکی ئاسمانی تۆ
پرلە ژەهریسیانیددەکەن
دەنگی ڕەسای ئازادییو مافی مرۆڤ
لەم جیهانە بۆ تۆی ئازیز
زۆر دەمێکە هەر کپ دەکەن
دێنە گژت داگیرکەران
تەعریب دەکەن
ڕەزو دارو باغی جوانت دەسوتێنن
کانی و ئاوو ڕوباران
وێران دەکەن  دەخنکێنن
هەزار هەزار ڕولەکانت
لە هامۆن و دۆل و چیا
کۆمەڵ کۆمەل ون دەکەن و
یا بەچەکی کۆمەل کوژی
یا خود زیندە بە چال دەکەن
لێناگەڕێن هەتا ئەمڕۆش
تۆی بە هەشتی ئەم دڵەی من
بە ئازدی و سەبەخۆیی



وێنە گر : ئەحمەد دەشتی ،شیراتۆنی هەولێر

وەکو خاکی هەموو گەلان
بەرزگاریت  وەپێشکەوی
هۆ کوردستان وارەکەی من
چوار ئەستێرەی یەک ئاسمان و
لەت کراو و دابەش کراوم
هەتاکەینێ هەر کەرت کەرت و
لە ژێر چنگی داگیرکەران
پەرێشان و وا ئەسیر بی
دەبێ ڕۆژی ، تۆش لە جیهان
ئالآی بەرزت بشەکێنیەوە و
تخوبەکەی ڕەنگینی تۆ
وەک سنوری هەموو گەلان
خەتی سوری بە دەورا بێ و
مەرزی دەسکرد بسڕیتەوە
کلآو ڕەش و سۆر و  بۆران
لە سەر خاکی جوانی تۆ ببڕێنەوە
کوردیش وەکو هەموو جهان
خاوەن کیان و قەوارە بێ
لە ژێر ئالآی سەربەخۆیی تۆی ئازیزم
پێش بکەوم و بێ گریان بم
ئەسپی هونەر تاوبدەم و
بە تەکنیک و تەکنەلۆژیام
لە ئاسمانان ئەستێرەی کورد
هەل بدەم و وەپێش کەوم و
ناوی مەزنت  وەسەر بخەم
ئەوسا هەر ڕۆژ بە گۆڤەند و
جەژن و سەیران لەگشت لاوە
چەپکە گولآن ڕابەستم و
لە سەر گلکۆی نەمرەکانم
لە هەرکێ کە خاکی تۆیە
دادەنێم و بە سەربەرزی
یادی هەموو هەڤالآن و شەهیدانی
سەربڵند و نەمر دەکەم
هەزار هەزار تف و نەفرین
بۆ هەتایە لە ڕووی هەموو دوژمنان و
داگیرکەر و وا ناکەس و تەرەس دەکەم
بە یادی هەموو کارەســاتەکانی نیشـــتمانە ئازیزوڕەنگینەکەم پێشکەشە بە کورد و کوردســـــتان